

**بانگەوازێک لە (تـــارا تـوانـــا) کاندیدکراوای حزبی سۆسیال دیموکرات بۆ پەرلەمانی سوید**

ئەی کوردستانیانی دانیشتووی ستۆکهۆڵم، وەک ئاگادارن هەڵبژاردنەکانی سوید بۆ پەرلەمان و پاریزگاو شارەوانیەکان لە 17 سێپتەمبەری 2006 ئەنجام دەدرێت. بۆیە پێویست و گرینگە ئێوەی پەرۆشی ئازادی و دیموکراسی بەشدار بن لەم پرۆسە دیموکراسیە بۆ ئەوەی دەنگی ئێوە ببێتە بەشێك لەسەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەدا. بیگومان حزبی سۆسیال دیموکرات وەک حزبێکی بنیاتنەری سوید، کە هەوڵی بەرچاوی هەبووە لە یەکسانی نێوان مرۆڤەکان و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو شارەستانی و یەکساندا کە هەموو کەس مافی وەك یەك پارێزراوە.

هەروەها سۆسیال دێموکراتەکان لە ڕێزی پێشەوەی پارتەکانی سوید و ئەوروپاوە بوونە بۆ داکۆکیکردن لە مافی چارەنووسی گەلانی ژێردەستە بەتایبەتی لە پشتگیری مافەکانی گەلی کوردستانیش رۆڵی بەرچاویان هەبووە بۆ ناساندو بەگریکردن لە کێشەی ڕەوا گەلەکاماندا.

منیش هەروەک کچێکی کورد و لە بنەماڵەیەک پێشمەرگەو نیشتمانپەروەر هەر لەبەر ئەم هۆیانە بووە کە سۆسیال دیموکراتەکانم هەڵبژاردو چالاک بووم تا خەبات بکەم بۆ یەکسانی نێوان مرۆڤەکان و پشتوانی گەلانی ژێردەستەی وەك کورد. ئێستاش کاندید سۆسیال دیموکراتەکانم بۆ پەرلەمانی سویدلە شاری ستۆکهۆڵم، بۆیە لێرەدا داوا لە ئێوەی کوردستانیانی و هاونیشتمانیانم دەکەم دەنگی خۆتان بدەن بە من و منیش، بەڵێن دەدەم هەموو توانایەکم بەکار بێنم بۆ گۆرانکاری نوێ لە سوید و خزمەت کردن بە کێشەی سیاسی کوردستان.

لەگەڵ ڕێزمدا تـــــــــارا تـــوانـــــا

Tara.twana@gmail.com